# گومان و دڕەکان

عومەر کەریم بەرزنجی

چارۆکەی گەشتی گومانی ئەم مێژووە
بەبای نغرۆبوون دەشەکێتەوە
ئەی خودی فەنابوو
بەقەدەری بەد گومانی
تۆ لەسەر بەرماڵی یەقیندا
نوێژی گومان دادەبەستی
لەچاوەی کانی ئەویندا
دەست نوێژی مەرگەوەڕ دەشۆی
تۆ پردی نێوانی تیغ و برینی
دەستێکت هەتوانەو
زامم سارێژ دەکا
دەستێکت شمشێرەو
گیانم کوناودەر دەکا
لەنێوان کانی ئەوین و
شمشێری جەهل دای
دەتبینم مەمیتو
مەرگەوەڕ لەرێتا
هەر دڕک دەروێنێ
شەمیت و وەلی دێ

لەباخی ئەڤیندا
گوڵتان بۆ دەچێنیٚ
چاوێکت کانیەو
زەمزەمی ئەوینمی تیا ئەزیٚ
چاوێکت ڕوبارەو
ناهەنگی گومانمی تیائەدویٚ
دەتبینم لەنێوان باخ و ئاگردا
باهۆزی نەفرەت هەڵدەکەی
ژووانم دەبێتە خەرابات
خەونیشم دەبێتە سەرابات
ناخودای ئەڤینم بێخودان بزربوو.